# پوختەی چۆنیەتی عومرەکردن

[ كردي – کوردی – kurdish ]

شێخ عبد العزيز بن باز

وەرگێڕانی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ مختصر صفة العمرة ﴾

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد العزيز بن باز
يرحمه الله تعالى

ترجمة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433
IslamHouse.com

# پوختەی چۆنیەتی عومرەکردن

**یەکەم: ئیحرام بەستن:**

کە گەشتیتە میقات ئەم کارانە دەکەییت:

* ئەگەر بۆتکرا خۆشتن وپاکردنەوە بکە وە پیاویش خۆی بۆنخۆش دەکات.

* پاشان پۆشاکی ئیحرام لەبەردەکەی وبەبێ داپۆشینی سەرت، بەلاَم ئافرەت ئیحرام دەبەستێت بە هەر جلێك بەلاَم سەرنج ڕاکێشەر نەبێت.

* پاشان نییەت دەهێنیت لە دڵدا وبەزوبانت دەڵێیت: ( لبيك عمرة ) يان ( اللهم لبيك عمرة ).

* وە ئەوەی ترسی ئەنجامنەدانی عومرەکەی هەبێت ئەوە مەرج دادەنێت ودەڵێت: «وإن حبسني حابس فمحلي حيث حبستني ».

پاشان دەنگت بەرزکەرەوە بە تەلبیە ووتن وبڵێ: « لبيك اللَّهُمَّ لبيك ، لبيك لا شريك لك لبيك . إن الحمد والنعمة لك والملك . لا شريك لك »وە زۆر ئەم ذیکرە بڵی ویادی خواش زۆر بکە، وە ئافرەت بە دەنگی نزمەوە تەلبیە دەکات.

**دووەم: تەواف کردن:**

هەر کەگەیشتیە (المسجد الحرام) بە پێی ڕاست بڕۆ ژورەوە، وە دوعای چونە ژورەوەی مزگەوت بخوێنە، وە کاتێك دەگەیتە

نزيك كەعبە واز لە تەلبيە ووتن بهێنە، پاشان كەعبە بخەرە لای چەپت وحەوت جار سوڕانەوە بەدەوری كەعبەدا بكە.وە شانی ڕاستت ئاشكرا بكەو لە سێ شەوتی یەكەمی تەوافدا پەلە بكە لە ڕێكردندا وهەنگاوەكانت نزيك بن لەيەكەوە ولەبەردە ڕەشەكەوە دەست پێ بكە، وە ئەگەر بۆت كرا دەستی ڕاستی لێبدە وماچی بكە وبڵێ:( بسم الله والله أكبر )، وە ئەگەر بۆت نەكرا ماچی بكەييت، ئەوە تەنها دەستی لێبدە وپاشان ماچی دەستت بكە، وە ئەگەر ئەوەتيش بۆ نەكرا، تەنها بەدەستی ڕاستت ئامازەی بۆ بكە وبڵێ ( الله أكبر )، وە نابێت موسڵمانان ئازار بدەيت لەبەر ماچ كردنی بەردە ڕەشەكە، وە هەر كاتێك گەشتيتە گۆشەی یەمانی دەستی لێبدەو بە بێ ماچ كردنی وبڵێ( بسم الله والله أكبر )، ئەگەرنا ئەوە وازی لێبهێنە وئامارژەشی بۆ مەكە بەدەست و( الله أكبر )يش مەكە.وە لە نێوان هەر دوو روكنەكە ( الحجر الأسود ) و ( الركن اليمانی ) لە هەموو شەوتێكدا بڵێ﴿رَبَّنَا آتِنَا فِي الدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِي الْآخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ﴾.

هەر كاتێك لە تەواف تەواو بويت ئەوە پۆشاكی ئیحرامەكەت بخەرە سەر هەردوو شانت.

ئەگەر بۆت كرا دوو ركات نوێژ بكە لە پاش مەقامی ئیبراهیم علیە السلام، ئەگەرنا لە هەر جێگایەك لە مزگەوتی حەرامدا ئەو دوو ڕكاتە ئەنجامدە.

لە پاش خوێندنی سورەتی فاتیحە سورەتی ﴿قُلْ يَا أَيُّهَا الْكَافِرُونَ﴾ بخوێنە لە ڕكاتی یەكەمدا وە ﴿قل هو الله أحد﴾ لە ڕكاتی

دووەمدا، ئەگەر سورەتی تریش بخوێنیت هەر دەبێت، پاشان ئەگەر بۆت کرا دەستی ڕاستت بدە لەبەردە ڕەشەکە.

**سێهەم: سەعی کردن:**

لە پاش تواو کردنی تەواف دەردەچیت بۆ لای صەفا بۆ ئەوەی حەوت جار سەعی بکەییت، کاتێك سەردەکەویتە سەر صەفا ( ئەمەیان چاکترە ) یان نزیك دەبیتەوە لێی، بڵێ: ﴿ إِنَّ الصَّفَا وَالْمَرْوَةَ مِن شَعَآئِرِ اللهِ فَمَنْ حَجَّ الْبَيْتَ أَوِ اعْتَمَرَ فَلاَ جُنَاحَ عَلَيْهِ أَن يَطَّوَّفَ بِهِمَا وَمَن تَطَوَّعَ خَيْراً فَإِنَّ اللّهَ شَاكِرٌ عَلِيمٌ﴾ پاشان وا چاکترە ڕوو لە قیبلە وسوپاسی خوا وتەکبیرات بکەییت وبڵێ: « لا إله إلا الله، والله أكبر، لا إله إلا الله وحده لا شريك له، له الملك وله الحمد يحيي ويميت وهو على كل شيء قدير، لا إله إلا الله وحده أنجز وعده ونصر عبده وهزم الأحزاب وحده » سێ جار ئەم ذیکرە بخوێنە ولە نێوانیاندا هەر پاڕانەوەیەکت پێ باشە بیکە.

ئینجا لەسەر صەفا دادەبەزیت و بەرەو مەڕوە بەڕێدەکەویت، وە لە نێوان هەردوو ڕوناکیە سەوزەکە پێویستە بە توندی ڕێبکەییت ( ئەمیش تەنها بۆ پیاوانە ) ئینجا بە ڕێکردنی ئاسایی دەڕۆیت تا دەگەیەیتە مەڕوە.

کاتێك دەگەیەیتە مەڕوە، ئەو دوعایانە دووبارەبکەوە کە لەسەر صەفا خۆێندبووت، بە بێ خوێندنەوەی ئایەتەکە، چونکە بەس لەسەر صەفا دەخوێندرێتەوە لە جاری یەکەمدا.

سەعی کردن لە صەفاوە بەرەو مەڕوە وەلە مەڕوەشەوە بەرەو صەفا حەوت جارە، لە صەفاوە بۆ مەڕوە جارێکە ( ڕۆشتن ) وە لەمەڕوە وە بۆ صەفا جاری دووەمە ( هاتنەوە ).

**چوارەم: تاشین یان کورت کردنەوەی مووی سەر:**

لە پاش تەواو کردنی سەعی پێویستە قژی سەرت کورت بکەیتەوە یان بیتاشیت، وە تاشینیش چاکترە، کورت کردنەوەیش پێویستە هەموو قژی سەر بگرێتەوە.

وەئەگەر هاتنت بۆ مەککە نزیك بو لە کاتی حەجەوە، ئەوە باشتر وایە قژت کورت بکەیتەوە، بۆ ئەوەی لەکاتی حەجدا بیتاشیت.

ئافرەت ئەوەندەی سەر بەنجەی لە قژی دەگرێت.

ئەگەر ئەم کارانەت ئەنجامدا ئەوە سوپاس بۆ خوای گەورە عومرەکەت تەواو بووە.